

هاوژین عەبدوڵا یاریزانی فوتساڵی فێرگەی رانیە:

# پێشمەرگە ئاسا بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم هەوڵ دەدەم

تیپی فوتساڵی فێرگەی رانیە یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکە گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، فێرگەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری رانیە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵ کە وابڕیارە لە ماوەی داهاتوو بەڕێوەبچێت، هاوژین عەبدوڵا یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری رانیەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی - فۆتۆ/ ئاراس بارتێز

*** چۆن بوو دنیای وەرزشیت هەڵبژارد؟**

- چونکە هەستێکی خۆشم پێدەبەخشی، کاتێك هەست بە دڵتەنگی بکەم یاری تۆپی پێی دەکەم، کاتێك سەیری تیڤییەکانم دەکرد، کاتێك کوران یاریی تۆپی پێیان دەکرد، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە بۆ کچان نییە، بەڵام بێ هیوا نەبووم و کۆڵم نەدا، تا وەکو یاری تۆپی پێ بۆ کچانیش کرایەوە.

*** بۆچی لە نێو ئەو هەموو وەرزشە جۆراوجۆرە یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- لەبەر ئەوە هەر ئارەزووی خۆم بوو، بۆیە ئەو یارییەم هەڵبژارد، هەستێکی جیاوازتریشم هەبوو، چونکە کاتێك وەرزش دەکەم هەست دەکەم کە وزەم لە شتێکی باشدا سەرف کردووە و کاتم بەفیڕۆ نەداوە.

*** ئاستی یاریی تۆپی پێ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی تۆپی پێ لە کوردستان تا رادەیەك باشە، بەڵام بۆ لایەنی کچان مامۆستا زۆر کەمە، بۆ ئەوەی کچان فێر بکەن، چونکە لە کۆمەڵگەیەکین ئەگەر مامۆستایەکی گەنجمان هەبێت، ئەوا خەڵکی بە شێوەیەکی تر سەیری دەکەن، ئەگینا مامۆستای زیرەك هەیە، بۆ فێرکردن بەڵام کۆمەڵگەیەکی هەژارمان هەیە لە رووی رۆشنبیرییەوە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە بۆ ئاستی کچان پشتگوێ خراوە؟**

- بێگومان پشتگوێ خراوە، چونکە هیچ گرینگییەك بە وەرزش نادرێت لە کوردستان بەتایبەتی کچان، چونکە کەس باوەڕ ناکات کە کچیش وەکو کوڕ هێز و وزەی باشی هەیە و دەتوانێت کوردستان پێش بخات و، وەرزشی کچان بناسێنێت بە کوردستان و یانەکانی دیکە، بۆیە من دەمەوێ باوەڕ بە رانیە و چوارقوڕنە بهێنم کە کچانیش مافی بەشدارییان لە وەرزش هەیە، چونکە من بەهۆی دایکم و باوکم گەیشتووم بە ئێستا.

*** کەمبوونی کردنەوەی پاڵەوانێتی بۆ تیوەی کچ، وەکو یاریزان ئایا لە مەشقکردن ساردتان ناکاتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە بەڵێ، بەڵام ئێمە دەبێت زیاتر هەوڵی بۆ بدەین و نابێت لێی سارد ببینەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- پێویستە گرنگی پێ بدرێت لە هەموو روویەکەوە، راهێنانی باشتر دابین بکرێت و پێویستە یانە بکرێتەوە، چونکە لە رانیە هیچ یانەیەکی لێ نییە تەنیا فێرگە هەیە، پێویستمان بە یا ریگا یە ، چونکە بە راستی کاتێك یانەیەك دێت یاریمان لەگەڵ دەکات، زۆر شەرم دەکەم، چونکە یاریگایەکی وامان نییە، ئەوەشی هەمانە بۆتە ماڵی چەقەڵان.

*** گرفتی وەرزشی تۆپی پێی لە فێرگەکاندا لە چیدا دەبینی؟**

- تا رادەیەك کەموکورتی هەیە، چونکە راهێنان زۆر کەمە و مامۆستاکان ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام هەمووشیان مامۆستا و راهێنەری مەزنن، ئەوانەی ئێستا و رابردووش دەڵێم، بەڵام حکومەت هیچ هاوکارییەکی پێشکەش نەکردووین، ئەوەی هەیە تەنیا خۆمان و مامۆستاکان دابینی دەکەین، پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ تێکۆشان بەدەستی دراوسێ وشکە.

*** تاکو ئێستا لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- نەخێر، چونکە وەکو گوتم ئێمە یانە نین و کەم کەس دەماننناسێت، بەهۆی مامۆستایەکمەوە فێرگەی رانیە منی ناسی. زۆر ئارەزووم بە وەرزشی تۆپی پێ بووە، لەبەر ئەوە لە یارییەکانی قوتابخانە بەشداریم کردووە.

*** لە ژیانی وەرزشی خۆت بەهیوای چیت؟**

- راستە هەموو ساڵێك هەرێم پێش دەکەوێت، بەڵام نازانم بۆ وەرزش کوردستان چی بەسەر دێ، من هەمیشە هیوام بە خەونەکانم هەیە، چۆن پێشمەرگە تا دواهەناسە بۆ کوردستان شەڕدەکات بە بێ بەرامبەر، منیش تا دواهەناسەی ژیان بێ بەرامبەر بۆ خەونەکەم هەوڵ دەدەم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- ئێمە هەموو کات سەیری چارەنووس دەکەین، بەڵام بیروڕای هەڵە هەرگیز سەرناکەوێ، بۆیە من ئێستا تەنیا لە رێگای قوتابخانەوە هەوڵ بۆ خەونەکانم دەدەم.

*** قەیرانی دارایی تا چەند کاری کردۆتە سەر تیپەکان و ئەم وەرزشە؟**

- قەیرانی دارایی تا رادەیەکی زۆر کاری کردۆتە سەر یانە وەرزشییەکان لە کوردستان، چونکە ناتوانین پێداویستیی وەرزشی دابین بکەین، ئێمە خۆمان هەوڵدەدەین و یارمەتی راهێنەرەکانمان دەدەین لە گشت روویەکەوە.

*** گرفتی یاری تۆپی پێی کچان لە چیدا دەبینی لە شاری رانیە؟**

- کەمی یاریگا و هەروەها بیرو باوەڕی هەندێ لە خەڵکەکەی کە ناتوانن باوەڕ بهێنن بەوەی کە کچانیش دەتوانن خەونەکانیان بەدی بهێنن، کەمیی یارمەتی لە گشت روویەکەوە، ئەوانە هەمووی گرفتن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییەی بۆ وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانی هەیە.





## کچانی سیروانی نوێ لە ئامادەباشیدان

تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، کە بڕیارە لە ٢٢ی ئەم مانگە یارییەکانی بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، یانەی سیروانی نوێش دەیەوێت ئەمساڵ نازناوەکە بۆ شاری سلێمانی بباتەوە، رۆژانەش خەریکی ئامادەکاریی چڕن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولەکە، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش، عەباس فەرەج، راهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادەکارییەکانمان بەردەوامە، هەفتانە سێ رۆژ مەشقی چڕ دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە تەواوی بۆ خولەکە ئامادە بین، لەگەڵ ژمارەیەك لە تیپەکانی کوڕانیش چەندین یاریی دۆستانەمان ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی تیپەکە بە شێوەیەکی باشتر ئامادە بکەین، بۆ ئێمە کوڕان باشترن، چونکە تیپی کچان لە شاری سلێمانی ژمارەیان کەمە.» گوتیشی: «بۆ بەهێزکردنی تیپەکەمان بڕیارمان داوە گرێبەست لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەری عەرەب مۆربکەین، کە بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بە فەرمی گرێبەستەکە ئاشکرا بکەین.» سەبارەت بە کێشەکانیشیان گوتی: «هیچ کێشەوگرفتێك لە تیپەکەمان بوونی نییە و دەمانەوێ لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان ژمارەیەکی گەورە بین، یاریزانەکانیشمان لە ئاستێکی باشدان و دەتوانن کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی بەشداربوو لە خولەکە بکەن.

## پێشمەرگەی هەولێر خۆی بەهێزتر دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێری شارۆچکەی پیرمام، لە قۆناخی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا توانی ببێتە پاڵەوانی ئەم قۆناخە، بۆ ئامادەکاریی زیاتر و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لە قۆناخی دووەمی خولەکە دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی سووریا و یانەی محافەزەی سووری مۆرکرد، بۆ ئەوەی لەم قۆناخەدا تۆڕی گۆڵی یانەکە بپارێزێت. لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێزی یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ قۆناخی دووەمی خولەکە ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە، دەمانەوێ لەم قۆناخەشدا ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین کە بە دڵی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان و هاندەرانی تیپەکەمان بێت»، گوتیشی: «مۆرکردنی گرێبەستیش لەگەڵ ئەحمەد محەمەد کەنعان، گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی سووریا بۆ ئەوەیە کە بتوانین ژمارەی گۆڵپارێزەکان تەواو بکەین و متمانەی تەواویشم بە گۆڵپارێزەکانم هەیە کە دەتوانن ئاستێکی باش پێشکەش بکەن، ئێمەش گرفتی گۆڵپارێزمان هەبوو، چونکە هەریەك لە گۆڵپارێزەکان سەیدا و محەممەد عەیاشی یەمەنی دوچاری پێکان ببوون، بۆیە پێویستمان بە گۆڵپارێزی دیکە بوو بۆ بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان.» گوتیشی: «هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و دەمانەوێ رۆژ بە رۆژ ئاستی تیپەکەمان زیاتر بەهێز بکەین، لەم قۆناخەش کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی دیکەی کوردستان بکەین و بتوانین پێشەنگیی یانەکانیش بپارێزین، یانەی پێشمەرگەی هەولێریش لە ئامادەکاریی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئاستەی هەیەتی، بەهێزتر بکات و ئاستی گۆڵپارێزەکانیشمان وەکو پێویستە، متمانەی تەواوم پێیان هەیە کە لەم قۆناخە دەتوانن بە تەواوی تۆڕی تیپەکەیان بپارێزن.»





# خوێندنی وانەی شەترەنج لە پەیمانگا وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان چووە بواری جێبەجێکردن

یانەی شەترەنجی خانزاد لەپێناو پێگەیاندنی مامۆستاو ناوبژیوان و راهێنەری یاریی شەترەنج بۆ ماوەی سێ رۆژ خولی فێربوونی بۆ مامۆستاو راهینەرانی پەیمانگاکانی وەرزشیی سەربە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە شێوازێکی ئەکادیمی و پڕۆفیشناڵ بتوانن وانەی شەترەنج بڵێنەوە، ئەمەش لەدوای دەرچوونی بڕیاری دانانی شەترەنج وەك پڕۆگرام لە گشت پەیمانگا وەرزشییەکان بە نووسراوی ژمارە ١٣٥٢ لە ڕێکەوتی٢٢-١-٢٠١٩ لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.
بابەتەکان بە یەك کات و بە یەك سیستەم لە گشت شارو شارۆچکەکانی هەرێم لەلایەن مامۆستاو راهێنەرە بەئەزموونەکانی یانەی خانزاد دەستنیشان کرابوون و لە شارەکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، شەقڵاوە، کۆیە، رانیە، چەمچەماڵ، کەلار، خانەقین، زاخۆ و ئاکرێ زور بە سەرکەوتوویی وترانەوە، سەرۆکی یانەی خانزاد، دڵزار حمە ساڵح، لە لێداونێکدا دووپاتی کردەوە کە لە داهاتوودا ئەو پڕۆژەیە زۆر گەورەتر دەبێت، کاتێك گشت کولێژ و پەیمانگاکانی تریش دەگرێتەوە و ساڵانێك بەردەوامی دەبێت، تا گشت تاکەکانی کومەڵگە بە فێربوونی شەترەنج ئاشنا دەبن و سەرتاسەری وڵات دەگرێتەوە، سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق، زافر عەبدولئەمیر، بڕیاری داوە بڕوانامەی نمرە سێی ناوبژیوانیی نیشتمانی ببەخشێتە دەرچووانی خولەکان.





# میسی باشترینە

لیۆنێل مێسی کاپتنی یانەی بەرشلۆنە لە لایەن رۆژنامەی موندۆدیپۆرتیڤۆ بە باشترین یاریزانی وەرزی رابردووی لالیگا دەستنیشانکرا.

رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆ لە مەراسیمێکدا لیۆنێل مێسیی بە باشترین یاریزانی وەرزی رابردووی لالیگا دەستنیشان کرد، بەوپێیەی مێسی بە ٣٤ گۆڵ بووە گۆڵکاری خولەکە و نازناوەکەشی لەگەڵ بەرشلۆنە بردەوە و بووە گۆڵکاری ئەورووپاش.

مێسی دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەموو وەرزێك بۆ بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا دەجەنگین، ئەمساڵیش چامپیۆنزلیگ ئامانجی یەکەمی بەرشلۆنەیە و بەدەستی دەهێنین.

مێسی گەشبینی خۆی بە گرێبەستەکەی دی یۆنگ دەربڕی و گوتی: دی یۆنگ لە ئەکادیمیایەکی هاوشێوەی بەرشلۆنە پێگەیشتووە، شێوازی یاریکردنی ئێمە و ئەوان تەواو لەیەکتر نزیکن، ئەوانیش هاوشێوەی ئێمە بە متمانەیەکی زۆرەوە یاری دەکەن، پێموایە دی یۆنگ و دی لیخت هەردووکیان دوو ئەستێرەی تازەدەرکەوتووی جیهانی تۆپی پێ دەبن.






# مۆراتا گەڕایەوە یانە کۆنەکەی

ئەتلەتیکۆ مەدرید بەفەرمی گواستنەوەی ئالڤارۆ مۆراتای هێرشبەری ئیسپانی و یانەی چێلسی بۆ ریزەکانی راگەیاند.
یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی رایگەیاند، ئالڤارۆ مۆراتای ٢٦ ساڵان بۆ ماوەی ١٨ مانگ بە خواستن یاری بۆ یانەکەیان دەکات، کە ئەو هێرشبەرە ئیسپانییە گەیشتە مەدرید و بە سەرکەوتوویی پشکنینە پزیشکییەکانی تێپەڕاند.
مۆراتای هێرشبەری پێشووی ریال مەدریدی ئیسپانی و یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی دوای گواستنەوەی گۆنزالۆ هیگواین بۆ ریزەکانی چێلسی بڕیاری دا بگەڕێتەوە نیشتیمانەکەی و تا کۆتایی ئەم وەرزە ئەو هێر شبە ر ە باڵابەرزە یاریی بۆ ئەتلەتیکۆ دەکات.

# رۆبن دەچێتە ئاسیا

ئێرین رۆبن یاریزانی یانەی بایرن میونیخ ناگەڕێتەوە خولی هۆڵەندا و پەیوەندی بە خولێکی دیکەوە دەکات.
چەند هەفتەیەکە ئێرین رۆبن بڕیاری کۆتاییدا و رایگەیاند لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ریزەکانی بایرن میونیخ بەجێدەهێڵێم، دواتر دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە رۆبن دەگەڕێتەوە خولی هۆڵەندا.
رۆژنامەی نیپۆنی ژاپۆنی بڵاویکردووە، لە کۆتایی ئەم وەرزەدا رۆبن پەیوەندی بە خولی ژاپۆنی دەکات و دەبێتە یاریزانی یانەی تۆکیۆ، کە لە خولی نایابی ئەو وڵاتە یاریدەکات.
هەروەها رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردووە، کە چەند یانەیەکی دیکە هەر لە ژاپۆن لە هەوڵدابوون گرێبەست لەگەڵ یاریزانە هۆڵەندییەکەدا مۆربکەن، بەڵام لە کۆتاییدا یانەی تۆکیۆ سەرکەوتووبوو لە گرێبەستکردن لەگەڵ رۆبن، ئەمەش بە یارمەتی ماڵباتی ئەو یاریزانە ئەم گرێبەستە مۆرکراوە.